زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

کۆلێژی زانستە سیاسیەکان

بەشی سیستەم و سیاسەتی گشتی

د. نیشتیمان ڕەشید

قۆناغی چوارەم



**٢٠٢٣-٢٠٢٢**

## مێژووی سەرهەڵدانی قەیران

چەمکی قەیران بە  چەندین قۆناغی مێژوویی بڕیوە تا گەیشتۆتە ئەم سەدەیەی ئێستا و بۆتە بەشێکی گرنگ لە زانستی سیاسەتدا، هەروەها چەمکی قەیران چەمکێکی گشتگیر و سەرتاپاگیرە تەنها لە بابەت و بوارێک بەرتەسک و سنووردار ناکرێت، بۆیە هەوڵدەدەین لە خوارەوە ئاماژە بەچەند قۆناغێک بدەین کە چەمکی قەیران تێدا تێپەڕیوە و گەشەی سەندوە ئەوانیش بریتین:

١- لە ڕووی پزیشکییەوە:- بۆ یەکەم جار بەکارهات لەلایەن ئەغریقیەکان( گریک) یۆنانیە کۆنەکان لە پێش زاین، چونکە زانایانی ئەو سەردەمە دەیان وت ( نەخۆشی) بریتیە لە (قەیران) وە بە حالەتێکی( خرج) یان واتا یان دەکرێت چارەسەرەبکرێ یاخود بەرەوە مردن دەچێت.

٢-بواری جەنگ و ململانێ:- لەم لایەنەوە قەیران لە لایەنی پزیشکیەوە هەنگاودەنێت بەرەو لایەنی جەنگ و ململانێ، کە یەکێک لەو زانایانەی باسی لەم جۆرە قەیرانە کردووە، بریتیە لە ( کۆسیدیدس)، کە پێی وایە بەهۆی ئەو جەنگەی رووی دا لە نێوان هەردوو دەوڵەتە شارەکانی ( ئەسینا وئەسپارتا)، کە بەسەر کەوتنی ( ئەسپارتا ) کۆتای هات بەهۆیەوە چەمکی قەیرانی گواستەوە بۆ جەنگ و ململانێ، واتا قەیرانەکان لێرەدا سەرەتا بەهۆی ململانێوە سەری هەڵدا و پاشان دەبێتە جەنگ.

٣-سەدەکانی ناوەڕاست٤٧٦- سەدەی یازدە:- لەو ساڵەدا ئیمپراتۆریەتی ڕۆما ڕووخا و جۆرێکی قەیران سەری هەڵدا، کە بەقەیرانی( فکر و ڕۆشنبیری ) ناسراوە، کە ڕێگەی بەفکری جیاواز نادات هەروەها ئەم سەردەمە بەسەردەمی تاریکی ناسراوە، بەو واتایەی کڵێسای مەسیعی کۆنترۆڵی هەموو شتێکی کردبوو، دەربارەی بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی وڵات، بەڵام دواتر ئەم چەمکە پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی.

٤-کارڵ مارکس چەمکی هێنا بۆ ناو بواری ئابووری و کتێبەکەشی بەناوی( قەیرانی زێدەڕۆیی لە بەرهەم هێنان)دانا، کەکۆی ئەم پرۆسەیە پەیوەندی بە دووشتەوە هەیە ئەوانێش

- خواست
- خستنەڕوو

٥-ڕۆسۆ-١٧٦٢:- کتێبێکی دانا بەناوی (ایمیل) کە باس لەوە دەکات  ئاستی بژێوی لە ڕووی سیاسی و ئابووری، و کۆمەڵایەتی و دەروونی ونەخۆشی لەسەر تەقینەوەی کە

ڕۆسۆ پێشبینی شۆڕشی دەکرد هەروەک چۆن شۆڕشی فەرەنسی ڕوویدا لە ساڵی (١٧٨٩) واتا دوای (٢٧) ساڵ لە پێشبینیەکەی، واتا لێرەدا ڕۆسۆ باس لە قەیرانی سیاسی دەکات، کەهاتۆتە ناو چەمکی قەیران.

٦- سەدەی بیستەم:- بەهۆی سەرهەڵدانی دوو جەنگی جیهانی گەورە، کە هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمی جیهان دەگرێتەوە، کە بوەهۆی سەرڵدانی قەیرانێکی گەورە چ لە ڕووی سیاسیەوە بێ یان ئابووری یان کولتووری، کە لەو ماوەیەدا قەیران بە ئاستی بەرز و نزمیدا تێدەپەڕێ، کە ئەوەش دەگرێتەوە بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی قەیرانەکە لەلایەن سەرکردەکان و دروستکەرانی بڕیار، کە لێرەدا قەیران بووە زانستێکی سەربەخۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێوەبردنێکی ژیرمەندانە( ژیرانە )، لەکاتی ڕوودانی قەیرانی( کوبا ) ڕێگە خۆشکەربوو، یان بە واتایەکیتر دەرگای والاکرد بۆ ئەوەی خودی قەیران ببێتە زانستێکی سەربەخۆ.

❖ **ئایا قەیران تەنیا لایەنی سلبی هەیە( نەرێنی )**

خۆی قەیران حاڵەتێکی ناجێگرە وەگۆڕاننێکی سلبیە ( نەرێنی ) لە ناکاو وە چاوەڕوان کەراوە کە مەترسی دەخاتە سەرمانەوەی سیستەم بەڵام لە هەمان کاتدا، بەشێک لە توێژەران پێیان وایە کە قەیران لایەنی ئیجابیشی ( ئەرێنی ) هەیە بۆ سیستەم چونکەی خۆی قەیران حاڵەتێکی گەشەپێدانە بۆ سیستەم چونکە ( فێربوون و گۆڕانکاری ) بەدوا دادێت، وە ئەم لایەنە ئیجابیانەش ( ئەرێنیەکان ) دیقەت دا دوای گەشەکردنی زانستی بەڕێوەبردنی قەیران چونکە سەرنجیان دا ئەگەر بێت و قەیران بە شێوەیەکی باش بەڕێوەببرێت دەبێتە هۆی دەستکەوتنی شارەزایی و پسپۆڕی وە دەبێتە هۆی بە ئاگایی و وشیاری بەردەوام هەمیشە لە ئامادەکاری دەوری دابێت بۆ هەر پێشهاتێک.


گەورە زانایانی بواری قەیران  وەکو ( ادغار موران ) دەڵێت قەیران کۆکەرەوەیە لە نێوان ( هەل و هەڕەشە ) (دەرفەت و هەڕەشە) واتە تەنیا هەڕەشە نیە بەڵکو دەرفەتێکیشە بۆ گۆڕان واتە چەمکەکە چەمکێکی ئاڵۆزە و مشتومڕی لەسەرە لەلایەک وەصفی دەکات، بە ناڕێکی و صراح ( ململانێ ) و دڵەڕاوکێ و مانووبی زۆر لەلایەک بە تماسک و تعاون وەگونجان لەگەڵ بیئە و تعلم ( فێربوون)  و تجربە ( ئەزموون ) بەم جۆرە یەکلا کەرەوەیە بۆ باشتر یان خراپتر.

**پێناسەی قەیران**

**نۆرمان فلیسیس**:-قەیران بریتیە لە حاڵەتێکی لەناکاو و یاخود ڕووداوێکی لە ناکاوە کە دەبێتە هۆی دروست بوونی خەلەل( کەم و کوڕی) لە سیستەمی کە پ کە پێویستە بە خێرای گرنگی پێ بدرێت و مامەڵەی لەگەڵ بکرێت بۆپۆلێنکردنی هەر ڕووداوێک بەوەی، کە قەیرانە پەیوەستە بەو خەلەلەی کە درووستی دەکات لە سەر ڕێڕەوی ئاسایی کارکردن.

**ادغار موران**:- قەیران بریتیە لە گەشەی فەوزا و نەبوونی دڵنیایی لە ناو سیستەم ئینجا تاکی بێت یان کۆمەڵ، ئەم فەوزایە لە نەبوونی میکانیزمی زەبت و ڕێکخستن سەرچاوە دەگرێت.

**رۆبرت بیبر**:-قەیران بریتیە لە خاڵی گۆڕان یان وەچەرخان لە بارودۆخە ناسەقامگیرەکان، کە لەوەیە بەرەو دەرئەنجامی نەرێنی بڕوات ئەگەر بە ئامرازی نوێ نە بەسترێ بۆ احتوا کردن و کۆتایی هێنان بە مەترسیەکان.



## ❖ چەمکە نزیکەکان لە قەیران

- ململانێ:- بریتیە لە دژبەیەکی لە ئامانج و بەرژەوەی وە بەکارهێنانی هەموو ئامرازەکانی جەنگ جگە لەچەک هەرلایەنێک هەڵ دەدات، کە زۆرترین دەستکەوتی بۆ ئەوبێت لەسەر حیسابی لایەنەکەی تر.
- هەروەها لە سێ لایەنەوە ململانێ لە قەیران جیا دەکرێتەوە :-
- لە ململانێدا لایەنەکان و ئامانج و ئاڕاستەکانی دیارورووونن بەڵام لە قەیراندا بە پێچەوە هیچ کام لەمانە دیار نین
- لەلایەکی ترەوە  روودانی ململانێ دەکەوێتە پێشی قەیران واتا قەیران بەرزترین ئاستی ململانێیە، واتە قەیران پلەیەکە لە پلەکانی ململانێ

یەکیک لە تایبەتمەندیەکان  و سیفاتەکانی قەیران ململانێ سیفەتی بەردەوامیە بەڵام لە قەیراندا بەدیهێنانی ئامانج و گەیشتن بە دەرئەنجام ئەوا قەیرانەکە کۆتایی پێدێت، نموونە ململانێی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و ئەمریکا لە سەردەمی جەنگی سارد کۆمەڵێک ئاستی بڕی تا گەیشتە بەرزترین ئاستی لە ساڵی ١٩٦٢، کە قەیرانی موشەکەکانی کوبا.

## ❖ قەیران و کێشە

کێشە بریتیە لە حاڵەتێکی نائاسایی( سادە ) کە دڵەڕاوکیی بۆ دروست دەبێت، لە سەرئەنجامی دروست بوونی بەربەست لەبەدیهێنان ئامانج، هەروەها هەموو کێشەیەک لە قەیران نیە بەڵام هەموو قەیرانێک کێشەیە، لەگەڵ ئەوەی قەیران بریتیە لە بەرزترین ئاست لە کێشە، قەیران تەنیا ئەو کێشانە دەگرێتەوە کە توند، و ئاڵۆزن، و هەڕەشە و مەترسی دروست دەکەن، لە ئەنجامی ئەو فشارەی دەیخەنە سەر تاک یاخود سەر سیاسی یاخود نموونە، کیشەی ووشکە ساڵی کە  قەیرانی خۆراک و تەندرووستی بەدواوە دادێت.

## ❖ قەیران و کارەسات

کارەسات بریتیە لە زەرەرو زیانێکی زۆری ماددی و گیانی (مرۆی)، زانایان وا جیاوازی دەکەن لە نێوان قەیران و کارەسات کە پێیان وایە قەیران دەکرێت پێشبینی بکرێت بەڵام کارەسات پێشبینی ناکرێت بەڵام ئەم بۆچونەی زانایان بە تەواوەتی ڕاست نیە چونکە کۆمەڵگا لە گۆڕاندایە و بەرەوپێشکەوتن دەچێت.

زانایان دەڵێن کارەسات هێزێکە لەدەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤ بەڵام قەیران دەستکردی مرۆڤە، بە هەمان شێوە ئە ڕایە هەیە کە مرۆڤ گۆڕانی بەسەر دادێت و دەتوانێت پێشبینی قەیران بکات.

- کارەسات بەپاشماوەی قەیران دادەندرێت کەلەکاتی ڕوودانی دا دەرئەنجامی کارەساتەکە دەبێتە قەیران جا سروشتی بێت یاخود مرۆی.
- کارەسات دەبێت ڕووبدات وە لەدوای ڕوودانی ئەوکات پێی دەوترێت کارەسات و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام قەیران دەکریَ لە پێش ڕوودانی یاخود لە ناو قەیران و دوای ڕودانیشیَ هەر مامەڵەی لَەگەڵ دەکرێت، نموونە کارەساتی سروشتی وەکو زەوی لەرزە، و لافا، کە دواتر قەیرانی نێشتەجیَ بوون هاتووچۆ و تەندرووستی لیَ درووست دەبێت، وەک ئەو ڕوداوە سروشتیانەی لە باکور و ڕۆژئاوای کوردستان ( تورکیا و سوریا )ڕوویاندا.

### ❖ قۆناغەکانی قەیران

### ❖ قۆناغی لە دایکبوونی قەیران:-

بریتیە لە حاڵەتێک یان قۆناغێک کەناڕوونی، دڵەڕاوکێب زاڵە لە بەردیارنەبوونی ئاڕاستە و قەبارە و ڕوخساری قەیرانەکە لە ڕێگای گرتنەبەری ڕێکاری پێویست لەلایەن بڕیاربەدەستان، دەسەڵاتداران حکومەت، ئەمەش لە ڕێگای ( زانیاری و ئەزموون و شارەزایی پێوویست) بۆ مامەڵەکردن و مومارەسەکردنی لەگەڵی تاوەکو قەیرانەکە گەورەتر نەبێت ئەمەش بەچەند هەنگاوێک دەبێت:-

- -بەوشک کردنی سەرچاوەی قەیرانەکە
- -پشتگوێخستنی بە قسە بەڵام دەبێت بە پراکتیکی کاری بۆ بکەی

## ❖ قۆناغی گەشەکردن و فراوانبوونی قەیران

گەشەکردن بریتیە لەم قۆناغەی، کە قەیران ئاستێکی تر دەبڕێ و لەم قۆناغە کە ناتوانێت ئینکاری (نکۆڵی) لە بوونی کێشەکە بکەی وە کێشەکە گەورەتر دەبێ و گەشەدەکات، دوو فاکتەر کاریگەریان هەیە لەسەر گەشەکردنی قەیران:

- ❖ فاکتەری خودی (ناوەخۆی)
- ❖ فاکتەری دەرەوی قەیران

قەیران پێویستی بە دوو فاکتەرە تا گەشە بکات و بەردەوام بێتئەوانیش خۆراکی پێدەدرێ قەیرانەکە، نموونە قەیرانی ئۆکڕانیا کە لەناوەخۆیدا قەیرانی هەیە وەکو کێشەی سنوور، قەیرانی سیاسی و هێ، هەرچی سەبارەت بە فاکتەری دەرەکی ئۆکڕانیا، تابعێکی ( بەرە ) نێودەوڵەتی هەیە کەوا ڕۆژ هەلاتی ئەوروپا تا ئێستاش لایەنگری ڕووسیا ( یەکێتی سۆڤیەت ) پێوەدیارە تا ئێستاش ئەم وڵاتانە کێشەیان هەیە، وەکو قەیرانی دوورگەی ( قرم ) کە زۆرینەی خەڵکەکەی ( دانیشتوان) بە زمانی ڕووسی قسەیان (گفتوگۆیان ) دەکرد کەچی بڕیار بەدەستان هەڵسان بە قەدەغەکردنی زمانی ڕووسی لەم ناوچەیەدا، بەمەش قەیرانەکە گەورەتر و قوڵتر بوو بەڵام قەیرانەکە کۆتایی نەهات چونکە ئۆکڕانیا دەروازیی گواستنەوەی وزەیە لە ڕووسیا بۆ ئەوروپای رۆژئاوا، بەمەش قەیرانەکە سروشتێکی نێودەوڵەتی هەیە.

لیرەشدا بۆ ڕێگەگرتن لە قەیرانەکە دووبارە پێوویستمان بە ( ئەزموون، شارەزایی، زانیاری ) سیاسەتمەداران هەیە، بۆ ڕێگەگرتن لر فراوانبوونی قەیران، بۆیە پێویستمان بەم شارەزایانەی سیاسەتمەداران هەیە، تاوەکو سەرچاوە و فاکتەرە خۆراک پێدەرەکانی قەیران ووشک بکەن، واتا بۆ ئەوەی بتوانین ئابلۆقەیی قەیرانەکە بدەین و ڕێگەبگرین لە فراوانبوونی قەیرانەکە.

## ❖ قۆناغی پێگەیشتن

مەترسیدارترین قۆناغە لە قۆناغەکانی گەشەکردنی قەیران کەواتا ئاسەوارەکەی ( پاشماوەکەی ) بەدیارکەوتووە لە هەموو لایەنەکانی ژیان ئەم قۆناغە ڕوودەدات چونکە دەسەڵاتدار ( نەزان، دیکتاتۆر، خۆبەگەورەزان ) بوو لەگەڵ دەوروبەر ( حاشیە ) جۆرێک پیرۆزکردنیان هەیە بۆ دەسەڵاتدار

## ❖ قۆناغی لاوازبوون و بچووکبوونەوەی قەیران

قەیرانەکە لەم قۆناغە هەرماوە بەڵام بەشێک لە هێزی خۆیی لەدەستداوە کە کاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانەیە بەڵام بچووک بۆتەوە چونکە باس ناکرێت لەبەر کەم قسەکردن لەسەری بەزۆری پشتگوێخراوە، و زەقناکرێتەوە ( تیشک ناخرێتە سەری ) لە میدیاکان جاری واهەیە هێزی تری بۆ دێت، کە پاڵنەری قەیرانەکە دەبن لەم قۆناغە پێکدادان ڕوودەدات کە گەیشتە لوتکە، قەیرانەکان هاوشێوەی شەپۆلی دەریاوان لەم قۆناغەدا یەکبە دوای یەکدادێن

## ❖ قۆناغی نەمان یان کۆتایی هاتنی قەیران

لەم قۆناغەدا قەیرانەکە هەموو هێزە پاڵنەرەکانی لە دەستداوە، لەوانەیە قەیرانەکە چارەسەر بکرێت کۆتایی هاتبێ بە هۆی مامەڵەکردنێکی باش لە گەڵ قەیرانەکە یاخود قسەکردن لەسەری کەم دەبتەوە یان نامێنێت، یاخود لەوانەیە قەیرانەکە بتەقێتەوە و ببێتە حاڵەتی جەنگ واتا لەم قۆناغە هەردوو فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی لەدەست دەدات، وە سەرچاوەکانی قەیرانەکە وشک دەبن، هەروها گرنگترین خاڵ لەم قۆناغە بریتیە لە ئەزموون وەرگرتن لە چارەسەری قەیران بۆ دووبارە نەبوونەوەی.

## قۆناغەکانی بەڕێوەبردنی قەیران  و چۆنیەتی چارەسەرکردنی:

- کۆمەڵێ زانا و پسپۆر باسی قۆناغەکانیان کردووە ئێمە نموونەی بیرمەندی ( نورمان ئۆگستین ) باس سەکەین کە بۆ شەش قۆناغ دابەشی کردووە ئەوانیش:-

1. قۆناغی دوورخستنەوەی قەیران : یاخود خۆ پاریزی لێی ئەمەش دەکرێ بەدوورخستنەوەی ئەو حاڵەت و بارودۆخانەی کە دەکرێ لە هەر کاتێک بتەقێتەوە و ببێتە قەیران، لەم قۆناغەدا پێشبینی و ئەگەر دانان کاریگەریان زۆرە کەوادەکات دروست کەری بڕیار کاری لەسەربکات
2. قۆناغی زەمینە سازی بۆ بەرێوەبردنی قەیران :- کاتێ کە سەرکەوتوو نەبووی لە قۆناغی یەکەم سەرکردایەتی هەڵدەستێ بە دانانی پیلان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخە جیاوازەکان لە کاتی ڕوودانی هەر مەترسیەک کە ببێتە هۆی قەیران ئەم ئامادە سازیەش دەکرێ لە ڕێی سیستەمیکی کارای زانیاری و سیستەمێکی پەیوەندی نوێ و دانانی تیم و لیژنەی تایبەتمەند بە قەیران.
3. قۆناغی هەستکردن بە قەیران : ئەم قۆناغە زۆرترین تەحەدا ( سەرکێشی ) تێدایە بۆ سیاسیە قیادیەکان چونکە ئاماژەدانی بوونی راستەقینەی قەیرانە لەم قۆناغە دەبێ هەموو لایەنەکان و چۆنیەتی تێگەیشتنیان بزانین ئەمەش بە توێژینەوە و چالاکیە سەربەخۆکان دەکرێت.
4. قۆناغی دەوردان ( کۆنترۆڵکردنی قەیران ):لەم قۆناغە دەبێ بە خێراترین کات بڕیار بدرێت بەڵام کێشەی نادڵنیایی و نەبوونی زانیاری تەواومان هەیە بۆیە کۆنترۆڵی قەیران پێویستمان بە بوونی ئەم ڕەگەزانە هەیە :-

- بوونی تیمێکی کارکردن بە درێژایی کاتی قەیرانەکە
- هەڵبژاردن و دیاریکردنی کەسێک وەکو گوتەبێژ ( قسەکەر ) بە ناوی یەکەی بریاردان لە قەیران
- تێکەڵکردنی ئەندامانی دامەزراوەکە بۆ ناو خەڵک بۆ زانینی کاردانەوەیان و ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی ( مەوقیفی ) دامەزراوە لە کاتی قەیرانەکە.
- بوونی کەسێک لە ناو تیمەکە کە توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی حاڵاتی نا دڵنیایی و خەلەلی ( گرفتی ) زانیاری ( معلومات ) هەبێت.

5. قۆناغی چارەسەرکردنی قەیران : ئەم قۆناغەش پێویستی بە خێرایی هەیە چونکە مەترسیەکانی قەیران چاوەڕێی تۆ ناکەن لەم قۆناغەش لێهاتووی و بەهرەی قیادە( سەرکردایەتی ) دەور (ڕۆڵ)دەبینێ لە بەکار هێنانی نصیلمە ی و غیری وی
6. قۆناغی سوود وەرگرتن لە قەیران : ئەم قۆناغە زۆر گرنگە بۆ قیادەی ( سەرکردایەتی ) سیاسی دەبێ وانە ( دەرس ) و ئەزموون لەم قەیرانە وەربگرن، بیکەنە ڕێگر لەبەردەم دووبارە بوونەوەی قەیران.

**جیاوازی نێوان بەڕێوەبردنی قەیران و بەڕێوەبردن بە قەیران**

**بەڕێوەبردن بە قەیران**

1. ئامادەکاری بۆ لەدایک بوونی قەیران: زەمینەسازی و پەرەپێدانی قەیران و شێواندنی ڕاستیەکان و کۆکردنەوەی لایەنگیر.
2. پەرەپێدەر و بەرزکردنی ئاستی قەیران: پێگەیاندن و کۆکردنەوەی هێزی نەیار و زیادکردنی فشار و فراوانکردنی ڕووبەڕووبوونەوە.
3. سەیتەرەکردنە سەر نەیار و گۆڕینی ئامانج و کردنە پاشکۆی.
4. حەملەیەکی ( بانەگەشەیەکی ) اعلامی( ڕاگەیاندن ) پلان بۆ داڕێژراوی هەیە بۆ سەیتەرەکردن

**بەڕێوەبەردنی قەیران**

1. دوورخستنەوەی قەیران : نهێنی و حەزەر لە کارکردن و کەمکردنەوەی مەترسیەکان.
2. ئامادەکاری بۆ بەڕێوەبردنی قەیران: خۆ ئامادەکردن بۆ بارودۆخی ئەگەری ڕوودانی قەیران و دانانی پلان و تۆڕی پەیوەندی و تیمی کارکردن.
3. دان نان بەبوونی قەیران: کارکردن لەسەر متمانەو تێگەیشتنی لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵک وە بوونی راوێژکاری دەرەکی و ناوەخۆی.
4. احتواکردنی قەیران ( ازمە ): بەبریاری خێرا بۆ ڕاستکردنەوەی مەوقیفەکە.
5. چارەسەرکردنی قەیران: دانانی ستراتیژیەتی چارەسەری و دووبارە گەڕانەوە بۆ باری ئاسایی.

## پرەنسیپە گشتییەکانی بەڕێوەبردنی قەیران بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە:

1. ئامانجی دیاریکراو وە دابینکردنی موارد بۆ بەدیهێنانی: چونکە قەیران خۆی بارودۆخێکی نائاسایی بۆیە بۆ بەرێوەبردنێکی سەرکەوتووانە پێویستە ئامانجەکان بچووک دیاریکراوبکرێتنەک هەروەک حاڵەتی ئاسایی بن بۆ ئەمەش دەبێ مواردی ماددی و مرۆیی بۆ دابین بکرێت، بەڵام هەندێک ئامانج ناتوانرێت تنازلی لێ بکرێت هەتا ئەگەر پێوویست بە پێکدادانی چەکداریس بکات.
2. هێشتنەوەی هەموو بژاردەکان بەکراوەیی و بەرزکردنەوەیەکی پەیتا پەیتای بەکارهێنانی ئامرازە بەردەستەکان: لە کاتی هەبوونی قەیران ناکرێ خۆت حەصر بکەی بەیەک بژاردەی دیاریکراو وە دەبێ هەموو بژاردەکان تاوتوێ بکرێ و ئامادەکاری بۆ بکرێ تا لەکاتی پێویست بەکار بێت وە ناکرێ هیچ بژاردەیەک دوور بخرێتەوە سیاسی یان ئابووری یان هەتا سەربازیش وە پێویستە بژاردەکان وابەکاربێن لە کەمترین ئەسەر و تێچوو تا زۆرترین، واتا ناکرێ هێز یەکەم بژاردەبێت بەڵکو دەبێ بە بژاردەی دانوستان و دیپلۆماسی دەست پێبکات ئینجا بەرەو توندی و بەهێز ئەم پلەبەندیەش بەهۆی تێچووی زیانە ماددی و مرۆییەکانە چونکە دەبێ حیسابی کاتی کۆتایی هاتن و پێویستی هێز بکرێ ئەگەر قەیرانەکە درێژەی کێشا لەوەیە قەیرانێکی وەهمی دروست بکرێ دوای نەمانی هێزە ڕاستەکە بێت.
3. ئەحکامەکانی کۆنترۆڵی سەرکردایەتی سیاسی لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە میانەی قەیرانەکە: فرەیی لە سەنتەری بڕیار دەبێتە شکستی بەرێوەبردن، چونکە بە زەحمەت ڕەئی و بیروبۆچوونی هەموویان کۆک دەبێت لەسەر مەوقیفی قەیرانەکە ئەمە لەلایەک لەلایەکیتر دەبێتە هۆی استخلال کردنیان بۆ ئەوەی لاوازیان بکەن لەڕێگای دانوستان لەگەڵ هەندێ لایەن و اهمال کردنی ئەوانی دی ئەمەش ململانێی ناوەخۆی زەق دەکاتەوە بەوپێیەش لاواز دەبێ بەرامبەر لایەنی دەرەکی ( نەیار ) ئەمەش دەبێتە هۆی تنازول و خسارە لە قەیرانی کوبا کەنەدی هەمووشتێک لە دەست خۆی بوو تەنانەت دیاریکردنی نەوعی کەشتیەکانیش ( جەنگیەکان ) بۆیە ماکنمارە دڵێ هەموو ئاماژەکان بەرەو ئەوە بوون کە شەڕ بکرێ دژی کوبا و سۆڤیەت بەڵام سەرۆک پێداگربوو لەسەر بژاردەی ئاشتی لێرەدا

فکرەیەکی زۆر گرنگ هەیە ئەویش بیرۆکەی ڕاوێژی بە کۆمەڵ وە بڕیاری تاکی بە ئەزموون ئەم بیرۆکە سەلمێنراوە لە قەیرانی کوبا و بەرلین و کوسوفو.

4. فراونکردنی پاڵپشتی ناوەخۆیی و دەرەکی بۆ بڕیاردەری سیاسی: پاڵپشتی ناوەخۆیی زۆر گرنگە لە کاتی قەیران ئەمەش بۆ زیادبوونی شەرعیەت تا بە مەزهەبێکی بەهێزی یەکگرتوو دەربکەوێ بۆ دەرچوون لە قەیران بەبێ زەرەر ئەمە لەگەڵ هەوڵە نێودەوڵەتیەکان، بۆ بەهێزکردنی مەوقیفەکەی لە ڕێگای داواکاری پاڵپشتی لە هاوپەیمانە سیاسیەکانی بەتایبەت زلهێزی وەکوو (USA) و ڕوسیا و چین، کارای بڕیار لە کاتی قەیران بەستراوەتەوە بە ڕادەی پاڵپشتی ناوەخۆ و دەرەکی بۆ سەرکردەی سیاسی ئەمە ئەوە بووکە جمال عبدلناصر کردی لە ١٩٥٦، لە پاراستنی کەناڵی سوێس کە داوای لە هاوڕێکانی کرد لە ڕێکخراوی وولاتانی بر کردی لە ١٩٥٦، لە پاراستنی کەناڵی سوێس کە داوای لە هاوڕێکانی کرد لە ڕێکخراوی وولاتانی بێ لایەن بۆ پاڵپشتی لە وەی کە دەوڵەتان سەربەخۆن و گەشانەوەیان پێویستە لە ڕێگای بەکارهێنانی مواردەکانیان پالپشتی ناوەخۆی ناکاتە بەژداری هاولاتیان لە بڕیار بەڵکو دەبێ شتەکان نهێنی بن بەڵکو دەبێ بڕیارەکە دژی بەهاکانی کۆمەڵگا نەبێ بۆ نموونە ئەمریکیەکان دژی بەکارهێنانی ئەتۆمی بوون دوای ئەوەی کە یابان میناى برل هاربری بۆردوومان کرد ئەمەش کاریگەری نەرێنی ( سلبی ) لە سەریان جێ هێشت ئەمریکیەکان دژی بەکارهێنانی ئەتۆمی بوون دوای ئەوەی کە یابان میناى برل هاربری بۆردوومان کرد ئەمەش کاریگەری نەرێنی ( سلبی ) لە سەریان جێهێشت بوو.
5. گەرەنتی سیستەمێکی کارای ئاڵوگۆڕی زانیاری و پەیوەندی لە کاتی قەیرانەکان: چونکە قەیران حاڵەتێکی نادڵنیای و گومان بەسەریدازاڵە بۆیە هەبوونی ئەم سیستەمە خاڵێکی گرنگە بۆ بەڕێوەبردنی قەیران بە سەرکەوتووی ئەم سیستەمەش لە نێوان سەرچاوەی کۆکەرەوەی زانیاری و سەرۆکایەتیەکەی وە یەکەکانی ناو پڕۆسەی وەرگرتن و هەڵسەنگاندنی زانیاری بۆ تەفسیر و دانانی بدائل وە لە نێوان ئەوانە بوو ڕاوێژکارەکان وە نێوان بڕیاردەر و هاوپەیمانەکانی ( دەوڵەتان ) وە لە نێوان بڕیاردەر و دەزگای جێبەجێکردن کە مکلفە بە جێبەجێکردنی بڕیارەکان.

## قەیرانی مووشەکەکانی کوبا ١٩٦٢

### یەکەم مێژووی بارودۆخی پێش ڕوودانی قەیرانەکە:

کاتێک کوبا سەربەخۆبوو( لەدوای جەنگی ئەمریکی-ئیسپانی ) بەیارمەتی ئەمریکا پەیوەندییە ئابووریەکانی کوبا و ئەمریکا زۆر بەهێزبوون بە جۆرێک کوبا ٪٦٦ لە ئەمریکا هاوردەی هەبوو، وە ٪٨٣ هەناردەی هەبووە بەلام بە تێپەڕبوونی کات ڕێکەوتنامەی ئالوگۆڕی بازرگانی لە نێوانیان مۆرکراو باجی خستە سەر هاوردەی ئەمریکی وە لەبەرامبەردا ئەمریکا شەکری کوبی بە نرخێکی هەرزان بە دەست دەکەوت، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٤٥، کۆنترۆڵی ئەمریکا لە ڕووی ئابووریەوە کەمتر بوو، بەڵام لە ڕووی سیاسی سەفیری ئەمریکی بەهێزترین کەسایەتی بوو لە هاڤانا( هەتا لە سەرۆکی کوبیش زۆر بەهێزتر بوو ) لە ساڵی ١٩٥٩، کاتێک سەرکردەی شۆڕش ( فیدڵ کاسترۆ ) کۆتایی بە حوکمی باتیستای هێنا و دەسەڵاتی وەرگرت ( گرتە دەست ) دەبوو هاوپەیمانێکی نوێ هەبێ کە بیپارێزێ لە (usa) وە باشترین جەمسەریش سۆڤیەت بوو، دوای ئەم هاوپەیمانیەتە نوێ یە کوبا چووە پاڵ بلۆکی شوعیەت ( کۆمۆنیست ) بووە هۆی تێکدانی هاوسەنگی هێز، ڕیشەی مێژووی قەیرانەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦١، کاتێک سۆڤیەت یارمەتی ئابووری و سەربازی دا بە کوبا بە ئامانجی لاوازکردنی سیاسەتی احتواکردنی و ئابڵوقەی ئابووری لەلایەن (usa) بۆ سەر کاسترۆ بۆ ئەوەی شۆڕشی مارکسی نەگوازرێتەوە بۆ تەواوی ئەمریکای لاتینی، ئەم یارمەتیە سەربازیانەش خۆی دەبینیەوە لە دامەزراندنی بنکەی سەربازی و دانانی مووشەک و ناردنی کۆمەڵێ شارەزای تەکنیکی سەربازی سۆڤیەتی بۆ بەکارخستنی بنکەکان.

## دووەم هۆکارەکانی قەیرانی کوبا

**کۆمەڵێک هۆکار هەبوون وەکو پاڵنەر یاخود جوڵێنەر بۆ ئەوەی ئەم قەیرانە مەترسیدارە ڕووبدات لە گرنگترینیان:-**

1. تێکچوونی هاوسەنگی یاخود درووستبوونی جۆریک لە هاوسەنگی ستراتیژی سۆڤیەت بەرامبەر مووشەکەکانی ئەمریکا لە تورکیا- لەبەر ئەوەی کوبا چەند کیلۆمەترێک لە ئەمریکا دوورە بۆیە دانانی مووشەکەکان لەوێ هەرەشەی درووستکرد، چونکە ئەمریکا مووشەکی جۆری حوبیتەری لە تورکیا جیگیر کردبوو بۆیە دانانی ئەم مووشەکانە وەک هاوسەنگیەک بوو بەرامبەر ئەمریکا.
2. کۆتایی هێنان بە سیستەمی نوێی حوکمی کوبا بە سەرکردایەتی کاسترۆ لەبەر ئەوەی کاسترۆ سیستەمەکەی سەر بە سۆڤیەت بوون، بۆیە ئەمریکا هەوڵی دەدا کۆتایی پی بێنێ بۆیە لەم حاڵەتەدا کوبا داوای یارمەتی لە سۆڤیەت کرد جونکە سروشتی ئەم سەردەمەی جەنگی سارد وابوو کە هەر بلۆکیک یارمەتی هاوپەیمانەکانی خۆی دەدا
3. ئابلۆقەی ئابووری ئەمریکا بۆ سەر کوبا دوای ئەوەی کاسترۆ دەسەلآتی گرتە دەست کۆمەڵێ چاکسازی تایبەت بە ئابووری ئەنجامدا لەوانە چاکسازی کشتوکاڵی و بە خۆماڵیکردنی کۆمپانیا و دام و دەزگا ئابووریەکانی وولآت ئەمەش بووە پێکدادانی لەگەڵ سیستەمی سەرمایەداری ئەمریکی کەبە بەرژەوەندیە باڵاکانی کوبا بەسترابووە وە بۆیە پەیوەندی یە ئابووریەکان خەلەلی تێکەوت بۆ زاڵبوون بەسەر سیستەمی کاسترۆ ئەمریکا ڕێگای فشاری ئابووری گرتەبەر چیتر یارمەتی دارایی نەدا ئەمە بەردەوام بوو کاسترۆ باجی سەر هاوردەی ئەمریکی زیادکردو ئەمریکاش فشارەکانی چڕترکردەوە، بەمەش ٦٠٠ کۆمپانیای کوبی و بیانی ٪٨٠ی پیشەسازیەکانی پێکدەهێنا خۆماڵی کرد

### سێیەم ئیدارەی سەرۆک کەنەدی و ستراتیژیەتی چارەسەری قەیرانی موشەکەکانی کوبا

هەرچەندە سەرۆک کەنەدی گەنج بوو (٤٥) ساڵ بوو بەڵام توانی بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە قەیرانەکە بەڕێوەببات هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی قەیرانەکە

1. پێکهێنانی یەکەی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان کە خۆی سەرۆکایەتی دەکرد
2. دەرکردنی بڕیاری درووستکردنی لیژنەی جێبەجێکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەی کە لە ١٥ ئەندام ( کەس ) پێکهاتووە
3. وازهێنان لە سەرجەم بەرپرسیارەتی و تەرکیز ( تیشکردنە ) ١٠٠٪ لەسەر ئەم قەیرانە
4. دابینکردنی هەموو ئامرازەکانی ئەم لیژنەیە کۆمەڵی پێشنیار یان ئامادەکرد وەکوو ( ئەلتەرناتیڤانەی خرانە بەردەم کەنەدی ئەم پێشنیارانە لە خۆ دەگرێت:-

- پشتگوێخستن ( ئیهمال ) کردنی هەڕەشەی سۆڤیەت: ئەم بۆچوونە پێ ی وابو کە سۆڤیەت بۆ اسفزازی ئەمریکا ئەم مووشەکانەی لە کوبا داناوە وە دەیەوەێ بیخاتە ناو ئەم تەڵەیە و بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی بەرەو بەرلین بڕوا ئەم بژاردەیە پێی وابوو پێویستە ڕێگا لە خروشوف بگرێ بە شێوازێکی هێمن و لەسەرەخۆ وە ئیهمال کردنی وە ئەم بژاردەیە دوورخرایەوە لەبەر هۆکاری ئەوەی کە سۆڤیەت بەوە ناوەستێ و دەبێتە لاسەنگیەکی مەترسیدار لە سەرووی ستراتیژیەتی ئەمریکی.
- ئەنجامدانی پەیوەندی نهێنی لەگەڵ کاسترۆ: ئەم بۆچوونە پێی وابوو کە دەبێت بە نهێنی پەیوەندی بە کاسترۆوە بکەن، ئینزار ( هۆشداری ) بدەنێ یان دەبێ موشەکەکان بکشێنەوە یاخود تەحەمولی ( بەرگەی ) کاردانەوەکان بکات، کە لەوایە داگیرکاری تەواوی کوبا بێت لەلایەن ئەمریکا بەڵام لیژنەکە ئەم بژاردەیەشیان پێ باش نەبوو، چونکە لە ئەصڵدا مووشەکەکان هی سۆڤیەتن وە لەلایەن خۆشیانەوە سەرپەرشتی دەکرێت، وە لەلایەن خۆشیانەوە دەپارێزرێن دەسەڵاتدارانی کوبا هیچ دەسەڵاتیان بەسەرەوە نیە وە بڕیاری کشانەوەش دەبێ سۆڤیەت بێت نەک کوبی.
- فشاری دیپلۆماسی: ئەم بژاردەیە ڕەئی ( بۆچونی ) وابوو کە دەبێ لە ڕێگای فشاری دیپلۆماسی لە سۆڤیەت بکرێت لە (UN) وە پێشنیاری پێکهێنانی لیژنەیەک بکەن بۆ ئەم مەبەستە وە دواکردنی بەستنی کۆنگرەیەک بۆ کشانەوەی مووشەکەکان لە کوبا، بەڵام ئەم بژاردەیەش وەرنەگیرا و ڕەتکرایەوە چونکە سۆڤیەت دەتوانێت ڤیتۆ

بەکاربێنێ بەتایبەت کە سەفیری سۆڤیەت سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایش بوو لە ساڵی ١٩٦٢، لە لایەکیتر ئەگەر کۆنگرە ببەسترێ ئەوە دەبێ تناولەکان دوو لایەنە بێ نەک یەک لایەنە، وە پەیوەندی لەگەڵ خروشوف واتە اعتراف ( دانان ) بە حەقی سۆڤیەت بۆ بەرگری لە کوبا وە لەوایە داوابکرێ کە ئەمریکا لە بەرامبەردا مووشەکەکانی لە تورکیا بکشێنێتەوە.

- داگیرکردنی کوبا : ئەم بژاردەیە بۆچونەکەی ئەوەبوو کە سۆڤیەت دەیەوێ مشاوەراتی سیاسی بکات لە چوارچێوەی جەنگی سارد، وە دەرخستنی تواناکانی بۆ پاریزگاری لە بلۆکی شیوعی ( کۆمۆنیستی ) بۆیە دەبێت کوبا داگیربکرێت، بۆ کۆتایی هێنان بە هەموو ئەوانە بەڵام لیژنەکە بڕیاریدا، کە ئەم بژاردەیە دەبێ کۆتا بژاردەبێ لە دەرئەنجامە خراپەکانی چونکە ئەم پێکدادانە ڕاستەوە خۆی لەگەڵ ( ٢٠٠٠٠ ) سەرباز ئەمەش یەکەم پێکدادانی دووهێز گەورەیە دوای جەنگی جیهانی دووەم، کە لەوەیە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەتۆمی ( چەکی ناوەکی ) ڕووی دابا.
- لێدانی هێزی ئاسمانی ڕاستەوخۆ: ئەمە بە لێکدانێکی سنوردار دەکرا تەنها لە پێگەی سەربازی سۆڤیەت بەڵام ئەم بژاردەیە وەر نەگیرا ئەم هەڵمەتە دەبێتە هۆی دارمانی سیاسەتی تەواو لە کوبا بۆیە هەمان دەرئەنجامی پێشووی دەبێت، ئەمە لەلایەک لەلایەکی تریش کاردانەوەی زۆر توندی دەبوو لەلایەن ڕای گشتی ئەمریکی.
- سەپاندنی ئابلۆقەی دەریایی: بۆ دوورخستنەوەی زیانەکانی بژاردەکانی پێشوو بیر لەم بژاردەیە کرایەوە، ئەم بژاردەیەش بۆ ئەوەبوو کە شاحینە سەربازیەکانی سۆڤیەت داخیلی کوبا نەبن ڕەخنە لەم بژاردەیە ئەوەبوو، کە لەوانەیە پێکدادانی دەریایی ڕوبدات، وە خاڵێکی تر دژی پرەنسیپی ئازادی دەریاوانی یە وە لە میثاقی (UN) ئەم ئابلۆقەدانە پێشیلکاریە بۆ یاسای نێودەوڵەتی وە لەوەیە کە سۆڤیەت هەمان شت بکات بەرامبەر بەرلین بۆیە ئەمە گەڕانەوەیە بۆ خاڵی سەرەتا وە لەوەیە ئەم ئابلۆقە دانە کێشەکە گەورەتر بکات نەک چارەسەر بکات ( حەل بکات )
- لە کۆتای دا : سەرۆک کەنەدی ستراتیژیەتی ( اسلام المتوازن )ی دانا بۆ

دوورکەوتنەوە لە ئەگەری ڕوودانی شەر ئەم ستراتیژیەتە لە سەر سێ بنەما دانا :

1. ئاشتی کافیە ( تەواو، بەسە ) بۆ گەشە و پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری لەسەر ئاستی جیهان وە ئەوانیتر کێ بڕکێکارن نەک دوژمن
2. بیرکردنەوەی بە کۆمەڵ و یەک لایەنەی بڕیار

3. ( تسلسلنی افضلیات ) له قازانجی بژاردەی دیپلۆماسی لەگەڵ ئەوەبوو کە سەرەتا بژاردەی دیپلۆماسی و دانوستان ئینجا ( دواتر ) ئابڵوقەی دەریایی و هەڕەشەکردن بە هێزی ئاسمانی ئەمەش بۆ فشار خستنە سەر بڕیاردەرانی سۆڤیەت بوو بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ بژاردەی دیپلۆماسی بۆ کۆتایی هێنان بەم قەیرانە.

**هۆکارەکانی پشت بڕیار و ستراتیژیەتی سەرۆک کەنەدی چین بۆ کۆتایی هێنان بە قەیرانی کوبا:**

1. فاکتەری زاتی و دەروونی سەرۆک: هەرچەندە کەنەدی سەرباز بووە لە ج ج وە جەنگ و کاولکاری دیوە وە لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند بووە، کاریگەری هەبوو لەسەر خۆ بەدوورگرتن لە بەرزکردنەوەی ئاستی قەیرانەکە بۆ جەنگ
2. فاکتەری ناوەخۆیی و فشاری کارگێڕی: هەرچەندە دەستوور ( ئەمریکی ) هەموو دەسەڵاتی جێبەجیکاری داوە بە سەرۆک بەڵام ناچارە( مەجبورە ) گوێ لە شارەزا و پسپۆڕان بگرێ وە لەلایەکی تر ئابووری ئەمریکی لاواز ببوو، وە لە نێوان دووبەرە داش کەنجی ستافەکەی و پسپۆری و شارەزایانی بواری سەربازی دابوو کە پێویست بوو، هاوسەنگی یەک ڕابگرێ گوێ لە هەردوو لابگرێ بەڵام هەرخۆی بڕیاردەر بوو لە کۆتایی
3. فاکتەری نێودەوڵەتی و فشاری جیهانیکی دابەش بوو: کەنەدی ئاستی زەرەرەکانی دەزانی کە سۆڤیەت دەتوانێ پێیانی بگەیەنێ لە ناوەخۆ و لە ئاستی نێودەوڵەتی بۆیە کەنەدی زۆر واقیعی بوو کە سەیری سۆڤیەتی کرد وەکو منافس، کە پێویستە بەرژەوەندی لەگەڵ بەش بکرێ نەک دوژمنێ کە هیچ یەکسان نییە (USA) و تواناکانی لە ئاستی جیهان بۆیە چارەسەریەکەشی واقعی بوو، بۆیە باشترین شت بوو کە کشانەوەی مووشەکەکان لە کوبا بەرامبەر کشانەوەی موشەکەکانی (USA) لە تورکیا وە بەژداری نەکردن لە گۆڕینی سیستەمێکی اشتراکی و هاوپەیمانی سۆڤیەت، بۆیە کەنەدی وەکو دەوڵەتمەدارێک ( رجل دولة ) توانی مەترسیدارترین قەیران کە مرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینی چارەسەر بکات بە بژاردەیەکی عەقڵانی.